دکتورسا لح ئیبرا هیمی



بەڵکو، ئێوە ژیانی ئەم دنیایە هەڵدەبژێرن و دەیخەنە پێشەوە ﴿١٦﴾ کەچی ژیانی ئاخیرەت باشتر و خێر و پێزی بەردەوامترە ﴿١٧﴾ ئەم قسە و دەستوورانە لە کتێبە ئاسمانییە پێشووەکاندا هاتووە ﴿١٨﴾ لە کتێبەکانی ئیبراهیم و مووسادا ﴿١٩﴾

## سوورەی غاشیە

### سوورەی غاشیە لە مەککە هاتۆتەخوایێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٦ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئایا قسەی غاشیە (بەڵای گەورەی ڕۆژی بەرێ) بە تۆ گەییوە (و بیستووتە چەن ڕۆژێکی داپۆشەر و سەختە)؟ ﴿١﴾ لەو ڕۆژەدا ترس لە دەموچاوگەلێ دەبارێ کە ڕوخساریان ڕەنگپەڕیو و بزرکاون ﴿٢﴾ کۆشەر و ڕەنجدیون (و نەتیجەیان نەگرتووە) ﴿٣﴾ (دەسووتێن و) ڕادەکێشرێنە نێو ئاگری سووتێنەر ﴿٤﴾ لە سەرچاوەی کانیئاوێ زۆر گەرم و داغ ئاویان دەدرێتێ ﴿٥﴾ خۆراکێ بێجگە لە درووی ویشک لە دڕکەشیلانێ تاڵ و تفتیان بۆ نییە ﴿٦﴾ (خۆراکێ) کە نە قەڵەویان دەکا و نە تێز و برسییەتیان دەشکێنێ ﴿٧﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ هەن تەڕ و تازە و گەشن ﴿٨﴾ کە لە کار و کردەوەی خۆیان ڕازین ﴿٩﴾ لە بەهەشتی چاک و بەریندان ﴿١٠﴾ کە لەودا قسەی پووچ و بێکەڵک نابیسن ﴿١١﴾ لەودا کانیاوی ڕەوان هەیە ﴿١٢﴾ لەودا تەختگەلێ بڵێند هەیە ﴿١٣﴾ زەرک و لیوانیشیان لە لا دانراوە ﴿١٤﴾ پاڵەپشتەکانی ڕیز کریاون ﴿١٥﴾ فەرشگەلی زەربافتی ڕاخراو (زرابێ: موعرەبی کوردی زەربافتە) ﴿١٦﴾ ئایا لە وشتر ناڕوانن کە چلۆن خەڵق کراوە ﴿١٧﴾ لە ئاسمان (ناڕوانن) کە چلۆن هەڵدرواوە ﴿١٨﴾ لە چیاکان (ناڕوانن) کە چلۆن (وەکو) گوڵمێخ داکوت کراون و دامەزراون ﴿١٩﴾ لەم زەوییەیش (ناڕوانن) کە چلۆن ڕاخراوە ﴿٢٠﴾ جا ئامۆژگاری بکە کە تۆ تەنیا پەنددەری ﴿٢١﴾ تۆ فەرمانڕەوا لەسەر ئەوان نیت (کە بە زۆر بڕوایان پێبێنی) ﴿٢٢﴾ مەگەر ئەو کەسەی کە مل بابدا و کافر بێ ﴿٢٣﴾ جا خوا بە جەزرەبەیێ گەورەتر سزای ئەدا ﴿٢٤﴾ گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە ﴿٢٥﴾ لە پاشان خۆمان بە کاریان ڕادەگەین ﴿٢٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi